**پێشگوتن:**

پەرلەمانی هەرێمی کوردستان پڕۆژەی دەستووری هـەرێمی لـە ٢٤ی حـوزەیرانی ٢٠٠٩ بـە زۆرینـە پەسـندکرد، هـەنگاوی دووەم دەبـوو کـە دەنگدەران لە مـانگی تـەمووزی ئـەو سـاڵەدا دەنگـی لەسـەر بـدەن. ئـەو پڕۆژەیـە لـە ڕووی قـانوونی و زمانەوانییـەوە کـەموکوڕیی تێدایـە پێشـتر چـەند جارێـك ئامـاژەم بـۆ بەشـێکیان کـردووە، لەگـەڵ پێشـنیازی چاککردنیان.

پڕۆژەی دەستووری هەرێم بە زمانی عـەرەبی ئامـادەکراوە، لیژنـەی ئامادەکردن ئەرکی وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە بۆ کوردی بە من سپارد. لە سەرەتای مانگی تەمووزی ٢٠٠٦دا دەستم بە وەرگێڕانی پڕۆژەکە کرد و لە کۆتایی ئابی ئەو ساڵەدا پڕۆژە وەرگێڕاوەکەم بـە چاپکراوی و لەسـەر CD ڕادەستی سەرۆکی لیژنەی دەستووری کرد. لەو ماوەی کـە خـەریکی وەرگێڕانی ئەو پڕۆژەیە بووم، بەبێ ئاگاداری نزیکەی سێیەکی ئەنـدامانی ئەو لیژنەیە کۆبوونەوەیەکی (نائاسـایی) لـە ٢٠ی ئـابی ٢٠٠٦ سـازکرابوو، تێیدا دەستکاری (٢٢) ماددەو بڕگە لـە پڕۆژەکـەدا کرابـوو. کۆبوونـەوەی نائاسایی تایبەتە بە پەرلەمان، ماددەی (٦)ی پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمان چەند مەرجێکی داناوە بۆ سـازدانی ئـەو جـۆرە کۆبوونـەوەی پەرلـەمان، لیژنـەکان بۆیـان نییـە کۆبوونـەوەی (نائاسـایی) سـازبکەن، (قیـاس)یش لـەنێو ئـەو دوو حاڵەتـەدا ناکرێـت. لـە یەکـەم کۆبوونـەوەی لیژنـەی دەستووری کە لە سەرەتای مانگی ئەیلوولی ٢٠٠٦دا بەسترا، ڕەخنەم لـەو کۆبوونەوەیە گرت، بەڵام گوێ لە ڕەخنەکەم نەگیرا. پڕۆژەی دەسـتووری هـەرێم لـە ٢١ی ئـەیلوولی ٢٠٠٦دا بڵاوکرایـەوە، داواش لـە هـەموو لایەنـە

پێوەندیدارەکان کرا ڕا و سەرنجی خۆیان بۆ لیژنەکە بنێرن. لە ماوەیەکی کەمدا ژمارەیەکی زۆر لە ڕێکخراوی سیاسی و مەدەنی و کەسانی پسپۆر و شارەزا تێبینیی خۆیان بۆ لیژنەکە نارد، بەمەبەستی دەوڵەمەندکردنی پرۆژەکە. چاوەڕوان دەکرا لیژنەکە ناوەناوە بۆ تەماشاکردنیان کۆبێتەوە، بەلاّم لەجیاتی کۆبوونەوەی لیژنەکە، دەستەی سەرۆکایەتییەکەی بەشێك لەو تێبینییانەی بەلاوە نابوو، بەپاساوی ئەوەی بێ سوودن، بەشەکەی دی لە ژوورێکی نزیك لە ژووری سەرۆکی لیژنەکە دانابوو، داواش لە ئەندامان کرابوو بچن لەوێ تەماشایان بکەن!

لیژنەی دەستووری تا دەست پێکردنی پشووی هاوینی پەرلەمان لە یەکی تەمووزی ٢٠٠٨ کۆنەبووە، لە ٧ی تەمووز جارێکی تر کۆبوونەوەیەکی (نائاسایی) کردەوە، کە بەشداریم تێیدا نەکرد، جارێکی تر دەستکاریەکی بنەڕەتی لە پرۆژەکەدا کردبوو.[١] پرۆژەکە بەو دەستکارییانەوە لە ٢٤ی حوزەیرانی ٢٠٠٩ خرایە بەردەم پەرلەمان و بە زۆرینە پەسند کرا. بەلاّم پێش ئەو پرۆسەیە، پەرلەمان بە پەلە قانوونی ژمارە (١٦)ی ساڵی ٢٠٠٨ تایبەت بە پەسند کردنی پرۆژەی دەستووری هەرێمی پەسندکرد، کە دواتریش هەموار کراوەتەوە.

پرۆژەی دەستووری هەرێم لە مانگی تەمووزی ٢٠٠٩ ریفەڕاندۆمی لەسەر نەکرا، بۆیە تا ئێستاش پرۆژەیە، بەلاّم پاش پەسندکردنی دەبێتە یەکەم دەستوور لە مێژووی گەلەکەمان، ئەوەش وا دەخوازێ، کە بە باشترین شێوە ئامادە بکرێت و ماددەکانی بە زمانێکی قانوونیی ڕەوان دابڕێژرێن.

چەندین پسپۆر و شارەزای قانوونی دەمێکە داوای هەموارکردنەوەی پرۆژەی دەستووری هەرێم دەکەن، بە مەبەستی چاککردنی

کەموکورپیـــەکانی، ئـــەوەش بـــە ڕێککـــەوتن لـــەنێو فراکسـیۆنەکانی نـــاو پەرلـــەمان دەکرێـــت. بەشـــێکی زۆر لـــەو گرفـــت و کێشـــانەی تائێســـتا بـــەرەوڕووی هـــەرێمی کوردســـتان بوونەتـــەوە هۆیەکـــەی دەگەڕێتـــەوە بـــۆ نەبوونی دەستوور، کە هەرێمی کوردستان دەبوو لە ساڵی ١٩٩٢دا ببێتـە خاوەن دەستووری خۆی، هەتا ئەگەر لـە شـێوەی دەسـتوورێکی کـاتیش بووایا.

پەلـەکردن لـە پەسـندکردنی دەسـتوورێکی مـۆدێرنی گونجـاو بـۆ هەرێمی کوردستان، بە تایبەتی لەم بارودۆخە سیاسییەی کە کوردسـتان و عێـراق و ناوچـەکە پێیـدا تێدەپـەڕێ، داواکـاریی خـەڵکی کوردسـتانە. هـــەرێمێکی خـــاوەن شـــەرعییەتیی دەســـتووریی حکومـــەت و لایەنـــە پەیوەندیـدارەکان و دەزگـا نێودەوڵەتییـەکان ناچـار دەکـات گـوێ لـە داواکاریەکانی هەرێمی کوردستانی بگرن.

ئەو تێبینییانـەی لـەم نامیلکـەدا بڵاومانکردوونەتـەوە بـە مەبەسـتی چـــاککردنی کەموکورپیـــەکانی پرۆژەکـــە، پێشـــتریش بەشـــێکیان بڵاوکراونەتـەوە. ئـەو ڕسـتانەش کـە **لـەنێو کەوانـەدان و بـە(ڕەشـی)** نووســـراون، هـــەموویان تێبینـــین و بەشـــێك نـــین لـــە پرۆژەکـــە. ئـــەو (پێشـەکی)یەی لێـرە بڵاوکراوەتـەوە (دیباجـە)ی پرۆژەکـە نییـە، بـەڵکو بەشـێکە لـەو (پێشـەکی)یەی کـە بـۆ پـرۆژە دەسـتووری سـاڵی ١٩٩٢ ئامادەمکردبوو، تێیـدا بـە ڕوونـی ئامـاژە بـۆ لایـەنی مێـژوویی و قـانوونی پرسی کورد کراوە، کە پێویستە ئاماژەیان بۆ بکرێن.

پرۆژەی دەسـتووری پەسـندکراو لـە ٢٤ی حـوزەیرانی ٢٠٠٩ بنـەمای زۆر چاکی تێدایەو کەسیش ناتوانێ نکـوڵی لـەو ڕاسـتییە بکـات. بەشـێك لـەو بنەمایانـە لـە پـرۆژەی دەسـتووری سـاڵی ١٩٩٢ وەرگـیراون، وەکـو

**دەتوانن تەماشای ئەو بابەتانەش بکەن کە پێشتر لەسەر پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان بڵاوم کردوونەتەوە:**

١- من اجل تشريع دستور لاقليم كردستان العراق، مجلة (الثقافة الجديدة)، العدد (٢٦٧)، كانون الاول ١٩٩٥ – كانون الثاني ١٩٩٦.

٢- ملاحظات حول مشروع دستور اقليم كردستان، (الاتحاد) الاسبوعية، العدد (٤٩٩)، ٢٠٠٢/١١/١٥.

٣- لەبارەی ئەو کۆڕە قانوونییەی لە (واشنتۆن) لە مانگی نۆڤەمبەری ١٩٩٩ بەسترا، دیدار لەگەڵ (پەیامنێر)، لەندەن، ١٩٩٩/١٢/١١.

٤- هەوڵی ئامادەکردنی پرۆژەی دەستوورێك بۆ عێراق دە (١٠) ساڵێك لەمەوبەر، (کوردستانی نوێ)، ژمارە (٣٢٢٥)، ٢٠٠٣/١١/١٧.

٥- کۆنفرانسی زانکۆی (پرنستنی) ئەمریکی، چاوپێکەوتن لەگەڵ گۆڤاری (مەڵبەند)، ژمارە ( ٥٣)، ئەیلولی ١٩٩٤، کە (مەڵبەندی ڕۆشنبیری کوردی لە لەندەن) بڵاوی دەکردەوە.

٦- چەند تێبینییەك لەبارەی پرۆسەی هەڵبژاردن لە کوردستان و عێراق، گۆڤاری (گوڵان)، ژمارە (٥٠٢)، ٢٠٠٤/٩/١٦.

٧- پۆستی (سەرۆکی هەرێمی کوردستان) لەجیاتی پۆستی (ڕابەری ڕزگاریخوازیی بزووتنەوەی کورد)، (هاوڵاتی)، ژمارە (٢٢١)، ٢٠٠٥/٤/٢٧.

٨- کاتی پەسەندکردنی دەستوور بۆ هەرێمی کوردستان هاتووە، (هاوڵاتی)، ژمارە (٢١٥)، ٢٠٠٥/٣/٩.

٩- بنـەماكانی دەسـتووری هـەرێمی كوردسـتان و پەسـەندكردنی لەلایەن پەرلەمانەوە، (هاولاتی)، ژمارە (٢٢٣)، ٢٠٠٥/٥/١١.

١٠- باشترین رێگا ئەوەیە پـرۆژەی دەسـتووری عێـراق لـە رێگـای رێككەوتنی ئارەزوومەندانەوە ئامادە بكرێت، دیـدار، (كوردسـتانی نـوێ)، ژمارە (٣٦٧٦)، ٢٠٠٥/٥/٢٠.

١١- پەرلەمانی كوردستان مافی ئەوەی هەیە پـرۆژەی دەسـتووری عێراق رەتبكاتەوە، چـاوپێكەوتن، (كوردسـتانی نـوێ)، ژمـارە (٣٦٧٧)، ٢٠٠٥/٥/٢٢.

١٢- چـەمكی رێككـەوتنی ئارەزوومەندانـە بـۆ دامەزراندنـەوەی دەوڵەتی عێراق، گۆڤاری (گولان)، ژمارە (٥٣٣)، ٢٠٠٥/٤/٢١.

١٣- هەرێمی كوردستان پێویستە خاوەنی دەسـتووری خـۆی بێـت، (هزری یاسایی)، ژمارە (١)ی ٢٠٠٥/٣/٢١.

١٤- خوێندنـەوەیێكی قـانوونی لـە رەشنووسـی دەسـتووری هەمیشەیی عێراق، لە ٢٠٠٥/٩/١٥ لە میدیای كوردستان بلاوكراوەتەوە.

١٥-لـەبارەی پـرۆژەی دەسـتووری هـەرێمی كوردسـتانی عێـراق، (ئاسۆ)، ژمارە (٢٠٥)، ٢٠٠٦/٣/٢٠.

١٦- چـەند تێبینییـەك سـەبارەت بـە دارشـتنی پـرۆژەی دەسـتووری هەرێمی كوردستان، لەگەڵ دەقـی پرۆژەكـە بـەو شـێوەی وەرمگێراوەتـە سەر زمانی كوردی، (ئاوێنە)، ژمارە (٤٢)، ٢٠٠٦/١٠/٣١.

١٧- هۆكـاری دەستكێشـانەوەم لـە لیژنـەی دەسـتووری پەرلـەمانی كوردستان، (رێبازی ئازادی)، ژمارە (٢٨)، ٢٠٠٨/٨/٢٦.

١٨- دوای ١٦ سـاڵ كـاركردن بـۆ دانـانی دەسـتووری كوردسـتان، رەفتاری تاكرەوانەی سەرۆكی لیژنەی دەستووری ناچاری كـردم دەسـت

له كار بكێشمەوە، چاوپێكەوتن لەگەڵ هەفتەنامەی (ستاندار)، ژمارە (٤٣)، ٢٠٠٨/٨/٢٥.

١٩- زینـدە بەچاڵكردنی دوو پـرۆژە دەسـتووری ئامـادەكراو بـۆ هەرێمی كوردستان!، (هاوڵاتی)، ژمارە (٤٦١)، ٢٠٠٨/٩/٢٨.

٢٠- ئـەوەی لـە دانیشـتنی تایبەتـدا دەیڵـێن چـاكترە لـەناو هـۆڵی پەرلـەمان بـەدەنگی بـەرز بیڵـێن، (سـتاندار)، ژمـارە (٩٨)، دووشـەممە ١٩/١٠/ ٢٠٠٩.

٢١- چۆن دەڕواننـە ئـەدای خـولی دووەمـی پەرلـەمانی كوردسـتان، چاوپێكەوتن، (ئاوێنە)، ٢٠/٧/ ٢٠٠٩.

٢٢- چـــەند ڕوونكردنــــەوەیێكی پێویســـت لـــەبارەی شـــێوازی ئامادەكردنی پرۆژەی دەستووری هەرێمی كوردستان، ٢٠٠٩/٨/٢٧.

٢٣- گەڕاندنــەوەی ناوچــەی كــەركوك وەكــو ناوچــەیێكی ئۆتۆنــۆم بۆسەر هەرێمی كوردستان، ٩ی ئەیلوولی ٢٠٠٩، كە پاشـتر پێشـكەش بـەو كۆنفرانسە كراوە، كە (ئینسـتیتوی كـوردی لـە پـاریس) لـە ١٤ی مایسـی ٢٠١٠ ڕێكی خستبوو سەبارەت بە پرسی كەركووك و ماددەی (١٤٠).

٢٤- بەشـێك لـە تێبینییـەكانم لەسـەر ئـەو پـرۆژە دەسـتوورەی دابەشكرا بەسەر پەرلەمانتاراندا لـە ٢٠٠٩/٦/٢٢، (ئاوێنـە)، ژمـارە (١٧٩) ٢٠٠٩/٦/٣٠.

٢٥- چـــەند ڕوونكردنەوەیـــەكی پێویســـت لـــەبارەی شـــێوازی ئامادەكردنی (پرۆژەی دەستووری هەرێمی كوردستان)، (ڕۆژنامە)، ژمارە (٥٠١)، ٢٠٠٩/٦/٣٠.

## حول مفهوم النظام الفدرالي

**Federali-me**

الدكتور نوري طالباني

مستلة من المجلد السادس عشر والسابع عشر
من مجلة المجمع العلمي العراقي -- الهيئة الكردية

---

بغداد ١٩٨٧

لێکۆڵینەوەیەك لەسەر فیدرالیزم بە زمانی عەرەبی کە لە لەندەن لە ساڵی ١٩٧٤ ئامادەم کردووە، دواتر لە گۆڤاری (کۆڕی زانیاری کورد)، ژمارە (١٦ و ١٧) لە ساڵی ١٩٨٧ بڵاو کراوەتەوە. چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین لە ساڵی ١٩٩٢دا چاپی کردووەتەوە و پێکەوە لەگەڵ پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستانی ساڵی ١٩٩٢ چاپکراوە و دابەشکراون بەسەر ئەندامانی خولی یەکەمی پەرلەمانی هەرێم.

